وەزیری ناوخۆ دیواری کۆنکریتی سنووری نێوان عێراق و سوریا دەکاتەوە

ئەمڕۆ یەکشەممە"عەبدولئەمیر شەمری" وەزیری ناوخۆ،دیواری کۆنکریتی نێوان سنووری عێراق و سوریای کردەوە.

لە بەیاننامەیەکی وەزارەتی ناوخۆدا هاتووە:- ئەمڕۆ یەکشەممە "عەبدولئەمیر شەمری" وەزیری ناوخۆ ، بە ئامادەبوونی فەرماندەی هێزە سنوورییەکان و ژمارەیەک فەرماندەی ئەمنی ،ئەو دیوارە کۆنکرێتییەی کردەوە کە لە ناوچەی باغوز لە نێوان سنووری عێراق و سوریا دروستکرابوو.

وەک بەیاننامەکە ئاماژەی پێداوە:-دیوارە کۆنکریتییەکە بەشێکە لە زنجیرەیەک قەڵای گەورەی ئەمنی کە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە بە دەستپێکردنی ئاسایشی سنوورەکان فەرمانی دروستکردنی بە دراوە، کە بەشێکە لە کۆنترۆڵکردنی ئاسایشی سنووری عێراق و سوریا و ڕەگریکردن لە قاچاخچێتی و بەرەنگاربوونەوەی چێتەکانی تیرۆریستی داعش.

بەپێی بەیاننامەکە وەزیری ناوخۆ ژمارەیەک خاڵی ئەمنی کەرتە سنووریەکانی بەسەر کردەوە کە لەوە جێگیرکراون، هەروەها ستایشی هەوڵەکانی سەرکردایەتی هێزە سنووریەکانی کرد بەو پێیەی هەڵی یەکەمی بەرگریکردنن لە عێراق.